هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٦٦) لە ٢٠٢٠/٧/٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣) لە ٢٠٢٠/٧/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای چارەسەری زێدەڕۆیی سەر زەویی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە هەماهەنگی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە جۆرێك کۆبوونەوەیەکی لیژنەی یاسایی لە وەزارەتی داد ئەنجام بدرێت و تێبینی و سەرنجی گشت وەزارەتەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بخرێتەڕوو بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینییانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران خرایەڕوو بەتایبەتیش بابەتی بەدەرکردنی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە هێشتا تەسویە نەکراون، یان بڕیاری تەسوییەیان بۆ دەرچووە و بڕیارەکان پلەی کۆتاییان وەرنەگرتووە سەرەڕای ئەو تێبینییە یاساییانەی خرانەڕوو، و بابەتی موڵکداریی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران